خەرجی بکە وببەخشە، ودەستت مەگرەوە چونکە خودا بەخشینت لێدەگرێتەوە، وهەڵمەگرە لە خەزێنە چونکە خودا بەخشین بە تۆ دەگرێتەوە لە خەزێنەکانی

لە ئەسمائی کچی ئەبی بەکری سدیقەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- پێمی فەرموو: «دەست مەگرەوە (لە بەخشین) چونکە خودا پێت نابەخشێـت»، ولە گێڕانەوەیەکدا: «خەرجی بکە وببەخشە، ودەستت مەگرەوە (لە بەخشین) چونکە خودا بەخشینت لێدەگرێتەوە، وهەڵمەگرە لە خەزێنە چونکە خودا بەخشین بە تۆ دەگرێتەوە لە خەزێنەکانی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە ئەسمائی کچی ئەبی بەکری سدیقی فەرموو -ڕەزای خوایان لێبێت- : مۆڵک وسامانی زۆر لە خەزێنەکەت هەڵمەگرە ودەست مەگرەوە (لە بەخشین) چونکە ئەگەر وا بکەیت خوای گەورە ڕزقت پێنابەخشێـت، وفەرمانی پێیکرد کە ببەخشێت لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورە -سبحانه وتعالی-، مەژمێرە لە ترسی نەمانی ڕزق وڕۆزیت چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕزقی تۆش نەمێنێت وبەرەکەتی تێنەکەوێت ئەمیش مانای ئەم بەشەی فەرموودەکەیە کە دەفەرموێت: (ودەستت مەگرەوە -لە بەخشین- چونکە خودا بەخشینت لێدەگرێتەوە)، وئەوەی زیادە لە ماڵ وسامانت لە خەزێنەدا هەڵی مەگرە وببەخشە بە هەژاران وپێویستان چونکە ئەگەر نەبەخشیت ئەوا خوای گەورە ڕزق وفەزڵی خۆی بە تۆ نابەخشێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5823